# چارەسەری ئەو ژنەی سەرپێچی پیاوەکەی دەکات

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# علاج المرأة العاصية لزوجها

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو


المصدر: كتاب تكريم المرأة في الإسلام

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2014 - 1435

IslamHouse.com

# چارەسەری ئەو ژنەی سەرپێچی پیاوەکەی دەکات

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چەند چارەسەریەکی یەك لەدوای یەکی بە شێوەی پلەبەندی بۆ ئەم مەسئەلەیە داناوە کە بە ووردی دەیخەینە بەردەست ئێوەی بەرێز :

چارەسەری یەکەم: خوای گەورە فەرموویەت :﴿وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ﴾ [ النساء: ٣٤ ] واتا : ئەو ژنانەی ئێوە لەسەرپێچی و مل نەدانیان دەترسن، سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن ( بە لەخوا ترسان ) .

مەبەست لە (المرأة الناشزة) ئەو ئافرەتەیە کە سەرپێچی پیاوەکەی دەکات و خۆی بەسەردا هەڵدەبڕێت و گوێ بە فەرمانەکانی نادات، وڕووبەڕووی دەبێتەوە، وڕقی لێیەتی، جا هەرکاتێك ئافرەت ئەم نیشانانەی تێدا دەرکەوت، پیاو دەبێت

بەجوانی ئامۆژگاری خێزانەکەی بکات وبیترسێنێت بە سزای خوای گەورە لەو سەرپێچیانەی دەیکات، چونکە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر ئافرەتان کە گوێڕایەڵی پیاوەکانیان بن، و حەرامیشی کردووە کە سەرپێچیان بکەن، لەبەر ئەو فەزڵ و چاکەیەی کە پیاوان هەیانە بەسەر ئافرەتانەوە، پێغەمبەری خوایش ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : « لو كنت آمرًا أحدًا أن يسجد لأحدٍ لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها » [ صحیح رواه الترمذي ] واتا : ئەگەر فەرمانم بکردایە بە کەسێك سوژدە ببات بۆ کەسێکی تر ئەوا فەرمانم دەکرد کە ئافرەت سوژدەی ببردایە بۆ پیاوەکەی ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت ڕێزێکی بێ پایان هەبێت لە نێوان پیاو وژندا .

گومانی تێدا نییە لە هەمان کاتدا ئافرەتانیش خاوەنی فەزڵن وچاکەی زۆریان هەیە بەسەر پیاوانە بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها باسی ئەو هەنگاوانە دەکەین کە پیاوان دەبێت بیگرنە بەر بۆ ڕاستکردنەوەی ئافرەتان لەکاتی بوونی سەرپێچیدا .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : « إذا دعا الرجل امرأته إلى فراشه فأبت عليه، لعنتها الملائكة حتى تصبح » [ رواه البخاري ] واتا : ئەگەر هاتوو پیاو خێزانی بانگرد بۆ سەر جێگاکەی بۆ سەرجێی کردن و ئەو

سەرپێچی کرد، فریشتەکان تاوەکو سپێدەی بەیانی نەفرینی لێ دەکەن .

هەروەها فەرموویەتی : « إذا باتت المرأة هاجرة فراش زوجها لعنتها الملائكة حتى تصبح » [ رواه مسلم ] واتا : ئەگەر ئافرەت جێگای نووستنی پیاوەکەی بەجێهێشت، فریشتەکان تاوەکو سپێدەی بەیان نەفرینی لێ دەکەن ( چونکە ئەگەر ئافرەت ئەم سەرپێچیەی کرد دوور نییە پیاوەکەی بکەوێتە تاوانێکی گەورەی وەك داوێن پیسی و زیناوە .

چارەسەری دووەم : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ ﴾ عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : مەبەست ئەوەیە کە لەگەڵیدا نەخەوێت و سەرجێی لەگەڵدا نەکات و پشتی تێ بکات و قسەی لەگەڵدا نەکات .

چارەسەری سێهەم : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَاضْرِبُوهُنَّ ﴾ واتا : ئەگەر بە ئامۆژگاری و بە قسە لەگەڵ نەکردن و دوور کەوتنەوە لێی سوودی نەبوو، ئەمجا بە لێدانێکی سووك لێیان بدەن تاوەکو هەست بکات کە پیاوەکەی زۆر نیگەران وتوڕە لێی، حەسەنی بەصری ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم

بارەیەوە ووتویەتی : ( يعني غير مؤثر ) واتا لێدانێکی وابێت کە کاریگەری نەبێت لەسەر جەستە ولاشەی و ئاسەواری خراپ بەجێ نەهێڵێت .

زانایانیش ووتویانە : ( هو ألا يكسر فيها عضوًا، ولا يؤثر فيها شيئًا ) واتا : لێدانێك بێت کە شکاندنی ئەندامێکی لاشەی لێ نەکەوێتەوە، و کاریگەری خراپ بەجێ نەیڵێت .

دەبێت ئەوەش بڵێین پیاو کاتێك لە دوای ئەو دوو هەنگاوەی پێشووترەوە کە سوودی نەبوو، وە وویستی لە خێزانی بدات، نابێت لە دەموچاو ڕوخساری بدات، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : -

أ) « إذا ضرب أحدكم فليجتنب الوجه، فإن الله خلق آدم على صورته » [ رواه أحمد وصححه الألباني في الصحيحة ] واتا : ئەگەر هەرکەسێك لە ئێوە وا پێویستی دەکرد لەکەسێکی ( منداڵی یان خێزانی ) بدا تبا لە ڕووخسار و دەموچاوی نەدات، چونکە خوای گەورە ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە .

ب) « إذا قاتل أحدكم أخاه فليجتنب الوجه » [ رواه مسلم ] واتا : ئەگەر یەکێك لە ئێوە شەڕی کرد با دەست لە ڕووخسار و دەموچاو بپارێزێت .

ج) « إذا ضرب أحدكم فليجتنب الوجه، ولا تقل قبح الله وجهك، ووجه مَن أشبه وجهك، فإن الله خلق آدم على صورته » [ حسن رواه أحمد ] واتا : ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە کەسێکی تری دا، با دەست لە ڕووخسار و دەموچاو بپارێزێت، وە با کەس لە ئێوە نەڵێت خوا ڕووت ڕەش بکات یان خوا ڕووت ناشیرین بکات، یان ڕووخساری ئەو کەسەش وەك ڕوخساری تۆ وایە، چونکە خوای گەورە ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە ( شێوەی خۆی مەبەست شێوەی ئادەمە ) .

چارەسەری چوارەم : خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ﴾ واتا : ئەگەر هاتوو ئافرەت گوێڕایەڵی پیاوەکەی بوو لەسەرجەم ئەو داواکاریانەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە، ئیتر پیاو نابێت بەهیچ شێوەیەك لە خێزانەکەی بدات، یان دوور بکەوێتەوە لێی و قسەی لەگەڵدا نەکات .

چارەسەری پێنجەم : پاش ئەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾: خوای گەورە زۆر بەرز وبڵند و گەورە وبەدەسەڵاتە، مەبەست لێی ئەوەیە خوای گەورە هەڕەشە لە پیاوان دەكات، ئەگەر بەبێ هۆكارێكی شەرعی كە باسكران بۆیان نییە كە زوڵم وستەم لە ئافرەتان بكەن، چونكە خوای گەورە زۆر بەرز وبڵند بەسەریانەوە، وە تۆڵە دەسێنێتەوە لەو كەسانەی كە زوڵم وستەم دەكەن و لەسنووری پەروەردگار دەردەچن .

چارەسەری شەشەم : دانانی لیژنەیەك بۆ ئاشتەوای كردن، یان بۆ جیابوونەوە، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا﴾ [ النساء: ٣٥ ] واتا : هەندێك جار ناكۆكی نێوان ژن و پیاو دەگاتە ئاستێك كە ژنەكە لای قازی شكات لە مێردەكەی دەكات، یاخود داوای تەڵاقی لێ دەكات، یاخود مێردەكە هێندە بێزار دەبێت كە بچێتە لای قازی بۆ ئەوەی ژنەكەی تەڵاق بدات. جا خودای گەورە لەم بارەیەوە بە قازیەكان و دەم ڕاستانی نزیك و خزمی ژن و مێردەكە دەفەرموێت: ئەگەر هەستتان كرد بە

ناخۆشی و ناکۆکیەك لە نێوان ژن و مێردێکدا، پێش ئەوەی ناکۆکیەکە تەواو پەرە بسێنێ و توند ببێت و بگاتە ڕادەی تەڵاق، ئێوە دوو کەس بکەنە حەکەم، با یەکێك لەو دوو حەکەمە لە کەسوکاری ژنەکە بێت و ئەوی تریشیان لە کەسوکاری مێردەکە بێت.. تاوەکو ئەو حەکەمانە بکەونە نێوان ژن و مێردە ناکۆکەکەو بزانن هۆی ناکۆکیەکەیان چی یە؟! وە هەوڵبدەن بۆ لابردنی، ئینجا ئامۆژگاری دڵسۆزانەی هەردوو لایان بکەن. جا ئەگەر حەکەمەکان هەوڵێکی چاك بدەن و بە جیددی بیانەوێت ژن و مێردەکە ئاشت بکەنەوەو ڕێکیان بخەنەوەو، ژن و مێردەکەیش خۆیان ڕێککەوتنیان بوێت، ئەوە خودا ڕێکیان دەخاتەوەو یارمەتیان دەدات و، ڕێگای پێکهاتنەوەیان بۆ ئاسان دەکات و دەستیان دەگەیەنێتەوە بە یەکتری. بەڵام ئەگەر حەکەمەکان بۆیان دەرکەوت کە هەوڵدانەکانیان بێ سوودەو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە جیابوونەوەی ئەو ژن و مێردە باشترە، ئەو کاتە دەتوانن بڕیاری جیابوونەوەیان بدەن، هەرچەندە ژنەکە یان مێردەکە جیابوونەوەیان نەوێت. هەروەها پێویستە قازیش ئەم بڕیاری

جیابوونەوەیان بۆ جێبەجێ بکات. وەك ڕای هەندێك لە خاوەن مەزهەبەکان لەسەر ئەوەیە.

دوای ئەوەی کە خوای گەورە باسی حاڵەتی سەرپێچی ژنی کرد بەرامبەر بە پیاوەکەی وچۆنیەتی چارەسەکردنی پێش ئەوەی کار بگاتە جیابوونەوەی نێوانیان، ئەمجا ئەگەر هەر چارەسەر نەکرا ئەوا لیژنەیەك لە خزم وکەسوکاری هەردوولا دەستنیشان بکرێت بۆ چارەسەکردن وڕێکخستنەوەیان، چونکە ئەگەر ئەو پیاو وژنە نیەتی ئیصلاح و چاکسازیان هەبێت لەنێوان خۆیاندا، خوای گەورە یەکیان دەخاتەوە و شیرازەی خێزان و منداڵەکانیان پێك دەهێنێتەوە، وە خوای گەورەش زۆر زانا و کارزانە .

ئەمجا دەبێت ئەو لیژنەیەش کە پێك دێت لەنێوانیاندا سەیری حاڵو گوزەرانی هەردوولایان بکەن، تا بۆیان دەکرێت هەوڵ بدەن ڕێکیان بخنەوە و پێکیان بهێینەوە، ئەگەر زانرا ئەم ژن وپیاوە ڕێك ناخرێنەوە و ژیان و گوزەران لەنێوانیاندا ئەستەم و ناڕەحەتە، ئەو کاتە بە شێوەیەکی جوان و بەو شێوەیەی خوای گەورە پێی خۆشە لێکیان جودا بکەنەوە .

ئەبێت ئەوەش بزانین ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی موسڵمانان دەدات تادەکرێت دەست بگرن بە شیرازەی خێزانەوە و نەهێڵێرێت تێك بچێت، چونکە مناڵەکانیان سەرگەردان دەبن و بێ بەش دەبن لە سۆز و خۆشەویستی دایکیان، و دایکیشیان بێ بەش دەبێت لە خۆشەویستی مناڵەکانی، بۆیە دەبینین سەرەتا باسی چاکسازی و چاکردنەوەی نێوانیانی کردووە بۆیە دەبینین فەرموویەتی : ﴿إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا﴾ ئەگەر ئەو لیژنەیەی کە پێکهاتووە لە خزمانی هەردولا، یان ئەو ژن وپیاوە خۆیان مەبەستیان ئەوە بوو نێوانی خۆیان چاك بکەنەوە وپەشیمان ببنەوە لەوەی ڕوویداوە لەنێوانیاندا، خوای گەورەش زۆر بە ڕەحم و میهرەبانە یەکسان دەخاتەوە و موەفیان دەکات .

خوای گەورە هەموولایەك سەربەرز و سەرفراز بکات، وئاژاوە وگێرە وکێشە دووربخاتەوە لە خێزانەکانمان .

سەرچاوە : کتێبی ( تكريم المرأة فى الإسلام ) لە نوسینی : محمد جميل زينو، لاپەڕە: ١٦.

بڵاوکردنـەوەی: سایتـی الكتيبـات الاسلامیـة
www.ktibat.com

چاپکردنـی: دار القاسم – شاری ریاز – وڵاتـی سعودیە.